# سیمای دۆڕاوێکی سیاسی

هێرش و پڕوپاگەندە بۆ سەر کۆمەڵە ئیستا کەم نییە، لە ناو ئەو هێرشانەشدا کەسانێک هەن کە هیچ سنوورێکی ئەخلاقی نەماوە نەیبەزێنن، لە درۆی رووت و بوختان پێکردنی شەخسی بە کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵەوە بگرە هەتا ئاوەژوو گێڕانەوەی ئەو رووداوە مێژووییانەی بەجۆرێک پێی کۆمەڵە دەگرنەوە. زمان و فەرهەنگی بەڕێوەبەرانی ئەو شاڵاوە پڕوپاگەندەییە، لە هەموو ستاندارد و پڕەنسیپێکی رەخنە و لێکۆڵینەوە دەچێتە دەر و لەراستیدا تەنیا سووکایەتی کردنە بە عەقل و ئەخلاقی مرۆڤی ئەم سەردەمە. هەر بۆیەش هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە بە گشتی ئەوە بووە کە نەچینە ناو ئەو مەیدانەوە و بێدەنگی هەڵبژێرین چونکە پێمان وایە بێدەنگی باشترین وەڵامە بۆ ئەو جۆرە کەسانە.

لەم رۆژانەدا دوو بابەت هەر لەم چەشنە لەسەر ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکان بڵاو کراونەتەوە کە رێک دەچنە ئەو خانەی لە سەرەوە باسمان کرد و بەو حیسابە دەبوایە جوابێک لە لایەن کۆمەڵە وەرنەگرنەوە، بەڵام بە چەند هۆی تایبەت ئەم جارە ئاوڕ لێدانەوەیەک لە لایەن ئیمەوە پێویستە.

یەکەمینیان نووسراوەیەکە لە ژێر ناوی "چەند راستییەکی حاشا هەڵنەگر" لەلایەن کاک عومەری ئێلخانیزادە کە یەکێک لە سەرانی کەمینەی پێشووی کۆمەڵەیە و ماوەیەک لەوەپێش لە ریزەکانی کۆمەڵە چوونە دەرێ. دووهەمینیان وتووێژیکی رەحمان حاجی ئەحمەدی "سەرۆکی پژاک"ە لە گەڵ رۆژنامەی "رووداو". ئەم دوو بابەتە لە ناوەرۆکدا هەر یەک ئامانجیان مەبەستە، ئەویش زەربە لێدان لە کۆمەڵە و ناحەز کردنی ناو و پێشینەی، فەرهەنگ و سوننەتەکانییەتی، چەواشەکارییە بە مەبەستی رەش نیشاندانی هەموو ئەو ئامانج و ئاواتانەی کۆمەڵە هەڵگری بووە و پێوەی دەناسرێتەوە.

حاجی ئەحمەدی هەر بەو زمانە دەدوێ و بەو عەقلییەتە قسە دەکا کە تا ئێستا جەماوەری خەڵکی کورد لەو زاتەیان بیستووە و دیوە، واتە بێسەرەو بەرە و لەگۆترە، چەواشە و هەڵبەستراو، عەوام و ناسیاسی، ناتەبا لەگەڵ راستییە مێژووییە سەلمێندراوەکان و نامۆ لە گەڵ هەموو فەرهەنگ و تێگەیشتنێک لە مێژووی رووداوەکانی ئەم سی ساڵەی کوردستانی رۆژهەڵات. حاجی ئەحمەدی بە زمانێک قسە دەکا کە نزمترە لە ئاست و پلەی تێگەیشتنی ئاسایی‌ترین تاکی شەقامی کوردستان. ئەو گرفتی خۆی لە گەڵ کۆمەڵە زۆر بەهاسانی بە سڕینەوەی سوورەتی مەسەلە حەل دەکا، واتە هەر لە بنەڕەتەوە کۆمەڵە بە دروستکراوی دەستی ساواکی رژیمی شا دادەنێ و بەو جۆرە بەتەمایە هەموو کار و خەباتی ئەو رەوت و رێبازە و پێشەنگەکانی، هەر لە کاری نهێنی خورد و ورد و تاقەت پڕووکێنەوە بگرە هەتا خۆڕاگریی سەربەرزانە و رووسوورانە لە زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی رژیمی شادا، هەر لە چوونیان بۆ ناو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، "کۆڵ هەڵگرتن لەگەڵ فەلا" و قاڵ بوون لە کوورەی خەباتی جووتیارانی زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردستان و تێکەڵ بوونێکی قووڵ و

هاوڕێیانە لەگەڵ کرێکارانی کارگە و جادە و شار و لادێی کوردستان، هەر لە پێشکەش کردن و هێنانە ئارای فەرهەنگ و شێوازێکی نوێ لە خەباتی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان کە دەیان ساڵە بوونەتە بەشێکی لە سڕینەوە نەهاتووی ئەو کۆمەڵگایە و فەرهەنگەکەی و خەباتەکەی بەخەیاڵی خۆی چڵکن و خەوشدار کا. هەر لە سەرکردەی ئوستوورەیی وەکوو کاک فوئادی مستەفا سوڵتانییەوە بگرە کە هەتا بزووتنەوەی کوردستان هەیە و خەباتی چەوساوەکان هەیە و کۆمەڵە هەیە دەشێ وەکوو تاجی سەری ئەو خەباتە رێزی لێبگیرێ، تا کاریزماکانی خەباتی جەماوەری وەکوو سەدیقی کەمانگەر و دوکتور جەعفەری شەفیعی کە نەبوونیان هەتا ئێستاش گەورەترین کەلێنی خستۆتە ریزی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە، هەر لە قارەمانانی خۆڕاگری لە ئەشکەنجەخانەکانی ساواک وەکوو خانەی موعینی و شوعەیبی زەکەریاییەوە بگرە هەتا سیمای درەوشاوەی شۆڕشگێڕی ماندوویی‌نەناس کاک حەمە حوسێنی کەریمی کە هەموو بیست و شەشی رێبەندانێک لاوانی کوردستان جارێکی دیکە بەهەق وێنەکەی دەکەنە ئیلهامبەخشی خەباتی داهاتوویان، بەڵێ، ئەوانە هەموویان و خەباتەکەیان بەناوی دەسکرد و دروستکراوی ساواکی شا لە قەڵەم دەدرێ. ئەگەر ئەوە کایە کردن بە عەقلییەتی مرۆڤی کورد و سووکایەتی کردن بە هەموو خەبات و قوربانییەکی خەڵکی کوردستان نییە ئەی چییە؟ ئەوانەی کە هەتا یەک دوو ساڵ لەوە پێش بە موافەقەت و هاوکاریی دەزگاکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ورمێ و شوێنەکانی دیکە دەفتەریان هەبوو و لە رێگەی فڕۆکەخانەی میهرابادەوە رەوانەی قەندیل دەکران، ئێستا دەیانەوێ بە چەواشە کردنی مێژوو و پێشێل کردنی بەهاکان و سووکایەتی بە کەسایەتییەکان جێگەیەک بۆخۆیان بکەنەوە. بەڵام با هەموو کەس بزانێ مێژوو ئەوەندەش بێسەرەوبەرە نییە و خەڵکی کوردستانیش ئەوەندە ساویلکە نین. رەنگە باشترین وەڵام بەو قسانەی حاجی ئەحمەدی هەر ئەوە بێت کە دەقی وتووێژەکەی بەبێ هیچ جۆرە دەستێوەردانێک وەک خۆی لە هەزاران نوسخەدا بڵاو بکرێتەوە با هەموو کەس بیخوێنێتەوە و باشتر ئەو زاتە بناسێت. بەڵام تراژێدی کاک عومەری ئێلخانیزادە ئەوەیە بەدوای ئەو قسانەی جەنابی حاجی ئەحمەدی لە وەڵامی پرسیارێک لە وتووێژێکدا بەبێ سڵ کردن و بەراشکاوییەوە خۆی بە دۆستی پژاک دادەنێ.

کاتێک دێینە سەر قسەکانی کاک عومەر بابەتەکە هێندێک پیچیدەتر دەبێ. ئەگەر خوێنەرانی حاجی ئەحمەدی بە بیستن و خوێندنەوەی وتووێژەکەی وەکوو گاڵتەجاڕییەکی سووک سەیری دەکەن، نوسراوەکەی کاک عومەری ئێلخانیزادە بۆ ئەوانەی ئەو کەسەیان لە دوورەوە و تەنیا بە هۆی کۆمەڵەوە ناسیوە تێکەڵاوێک لە هەستی تووڕەیی و داخ و پەژارە لە خوێنەر پێکدێنێ. لە هەمان کاتدا کاردانەوەی نووسراوەکە دەتوانێ سەر سوڕهێنەر بێت. تۆ بڵێی کەسێک دوای سالیانی دوورودرێژ کاری حیزبایەتیی هاوبەش بەو جۆرە دەست بکات بە تێرۆڕی کەسایەتیی هاوسەنگەرانی پێشووی، هاوسەنگەرانێک کە تا ئیستاش ئیعتراف دەکا لە سەر کێشەی سیاسی لێیان جیا نەبۆتەوە؟ ئەگەر وتووێژەکەی حاجی ئەحمەدی کومێدییە و زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوی خوێنەر، نووسراوەکەی کاک عومەر تراژێدیایەکی شەخسی نووسەر دەخاتە بەردەم هەست و شعووری خوێنەر. کاک عومەر کاتێک بەبێ هیچ سنوورێکی ئەخلاقی دەست دەداتە تێرۆری کەسایەتیی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە کە هێشتا ساڵێکی تێوەرنەگەڕاوە کە لە بەرامبەر چەندین هەیئەتی ناوبژیکەر و پێش جیابوونەوەی لە کۆمەڵە، سوێندی بە سەری هەر ئەو کەسە دەخوارد و دەیگوت من لە سەر جێگاو شوێنی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە هیچ قسەیەکم نییە و ئەوم بە رهبەری کۆمەڵە و بە مەسئوولی خۆم قبووڵە.

کاک عومەری ئێلخانیزادە بە شێوەیەکی کاسبکارانە لەو نووسراوەدا ڕەوتەکەی خۆی دەکاتە کالآیەک کە وەک "دێوجامە" بەخەیالی خۆی دەکرێ هەموو کەسی پێ ڕاو کەی. لە هەمان کاتدا کە لە کاک عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی چاو دادەگرێ، ڕوو لە حیزبی کۆمۆنیستیش دەکا و خۆی پیاوچاکی ئەوانیش نیشان دەدا و بە دەم باڵی نارازی نێو حیزبی کۆمۆنیستیشەوە دەچێ و بەوەشەوە ڕاناوەستێ و ڕوو لە کادر و پێشمەرگە دێرینەکانی کۆمەڵە دەکا و قەشمەرییەک بۆ ئەوانیش دەنوێنێ و تەنانەت بەشی ئێمەشی تێدا دەهێڵێتەوە و بەوەشەوە تێر نابێ و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە هاوپەیمانی مۆرکراوی خۆی لەقەڵەم دەدا و بۆ پڕاکیش پلە لێدەدا و بە دەم کەسێکەوە پێدەکەنێ کە هەموو کۆمەڵە بە کاک عومەری ئێلخانیزادەشەوە بە دروستکراوی ساواک دەزانێ. تەنانەت بە ناو بردنی "ئەمین سادقی" هەوڵ دەدا برینی کۆمۆنیزمی کرێکاریش بکولێنێتەوە و جارێکی دیکە بەسەر کۆمەڵەدا بیان ڕشێنێتەوە. کاک عومەر وەکوو هەمیشە لە سیگناڵ ناردن بۆ ڕاست و چەپ و چاک و خراپ خۆی ناپارێزێت. شتی وا چۆن سەردەگرێ و چۆن دێتە دی؟ ئەوە هەر کاک عومەر دەزانێ و خۆشی لێی بەرپرسە.

بەڵام ئەو "دێوجامە"یەی کاک عومەری ئێلخانیزادە لە بەری ڕەوتەکەی کردووە لەڕاستیدا کەس فریو نادا. ئەوەی بۆ کاک عومەر دەمێنێتەوە وەرگرتنی مێداڵیای ڕچەشکێنی لە پێشێلکردنی هەموو سنوورێکی ئەخلاقی لە کاتی کێشەی حیزبی و سیاسییە. ئەو وەکوو یەکێک لە کەسەکانی ڕەوتی کەمینە بەدڵنیاییەوە لەلای هاوڕێیانی ئێستای و دۆستانی تازەشی خاوەنی متمانەیەک نابێت. ئەگەر ئەو لە خیانەت بەرامبەر بە هاوڕێیانی دێرینی سڵ نەکا، داخوا دەبێ وەفای بۆ خەڵکی دیکە چەندە بێت؟

لە ناو کادرە دێرینەکانی کۆمەڵە خەسڵەت و ڕەفتارەکانی کاک عومەر زۆر چاک ناسراون. هەر بۆیەش کەم کەس لە هاوڕێیانی دێرین هەیە نوسراوەکەی بە هەند وەرگرێ. مەحفلبازی، گێرەشێوێنی و قسەی ئەم و ئەو بۆ یەکتر بردن، بوختان و قسە هەڵبەستن و لە نەبوو شت دروست کردن، چوونە ناو ژیانی شەخسیی کەسەکانەوە و هەوڵدان بۆ ئاتۆ بەدەست هێنان، فشە و وەعدە و وەعیدی بێبنەما، من من کردن و خۆهەڵکێشانی بۆش و بەتاڵ، سەرەڕۆیی و کاری بێحیساب و کیتاب و دوایەش خۆ بەخاوەن نەکردنی و هتاد ئەو خەسڵەتانەن کە کاک عومەریان پێناسراوە. بەڵام جاران و هەر لە کۆنەوە لەنێو هاوڕێیانی دێرینی خۆیدا کەڵک لە تواناکانی وەردەگیرا و خاڵە لاوازەکانی تا ڕادەیەک بەربەست دەکران. ئێستا ئیتر هەر خۆیەتی، بێپشتگیری و بێئامۆژگاری، ڕەها و بێسنوور، بەدەستی خۆی و بێبەزەییانە خۆی خستۆتە بەردەم قەزاوەتی گشتی. کاک عومەر دەبوایە سیمای تێکۆشەرێکی دێرین، مەسئوول و جێی متمانە لەخۆی نیشان بدات، بەداخەوە لەو ئەزموونەدا سەرکەوتوو نییە و خوێنەر لەو نووسراوەیە تەنیا سیمای دۆڕاوێکی سیاسی وەردەگرێت کە بێجگە لە نەفرەت پژاندن و ژەهر ڕژاندن، بێجگە لە پشت هەڵکردن لە هەموو پرەنسیپ و بەها و وەفایەک و بە داروبەردا نووسان، هیچی پێنەماوەتەوە. هیچ نەیارێک نەیدەتوانی ئەوەندە کاک عومەر بشکێنێ و سووکی کات کە ئەو بەدەستی خۆی کردوویەتی.

کاک عومەر هەڕەشە دەکا کە بەڵگە و شریتی قسەی خەڵکی هەیە و بڵاویان دەکاتەوە. ئەو ئازادە چی پێخۆشە با بیکات، ئەگەر ئەوەشی پێ کەمە کە تا ئێستا کردوویەتی، با کەلێن و قوژبنی مێشکیشی بگەڕێ نەکا شتێکی لەبیر چووبێت، منەتی نەبێ. بەڵام با ئەوەش بزانێ ئەو کارەی دەستی داوەتێ و ئەو ڕێگایەی گرتوویەتیە بەر لەمێژە ڕیسوا بووە. تەنزی مێژوو لەوەدایە کە هەوەڵین قوربانیی ئەو ڕەفتارە خودی کاک عومەر بوو کە کاتی خۆی شریتی وتەکانی لەلایەن کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بڵاو کرایەوە. ئەگەر

دواتر دیفاع و داکۆکی ئەو کەسانەی کە ئێستا کاک عومەر دەستی داوەتە تێرۆری کەسایەتییەکەیان، لە کەرامەتی شەخسی کاک عومەری ئێلخانیزادە نەبوایە، ئەگەر ڕەوتی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە و سەرکەوتنەکانی نەبوایە و زۆر برینی سارێژ نەکردبایە، ئەو جگە لە کارتێکی سووتاو لە دنیای سیاسەت و بە تایبەت لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا شتێکی تر نەدەبوو. لێکتر لە قاودان و بەناو ئیفشاگەری گێرە شێوێنی کردن جگە لەوەی نیشان دەدا کە لە سەر سیاسەت و ڕێبازی سیاسی قسەیەکی ئەوتۆ نییە بکرێ، ڕواڵەتێکی ناشیرین و بێشانازی لە کاری حیزبی دروست دەکا. ئەم خەسارە دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە. ئەرکی هەموو تێکۆشەرێکی دڵسۆز و خاوەن پڕەنسیپی کۆمەڵە لە هەر کوێیەک بێت ئەوەیە کە بەکردەوە نیشانی بدا نەوعی کاک عومەری ئێلخانیزادە لە کاری سیاسی و حیزبی لە ناو کۆمەڵەدا هەڵکەوتە نەک قاعیدە.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

٢٠٠٨/٠٥/٢٢

---

Web: www.komala.org
E-mail: secretariat@komala.org